«سەنتەری هەواڵ»ی
ڕۆژنامەنووسانی ئازاد

Free Journalists Press Center Free.FJPC@gmail.com المركز الإخباري للصحفيين الأحرار

**ئێران – کەرەج**

**شەش زیندانیی سیاسیی کورد لە سێدارە دران..**

# کوردبوون و سوننەبوون لە ئێران بە تاوان لەقەڵەم دەدرێ..



شەپۆلی لەسێدارەدانی زیندانیان بە گشتی و زیندانیانی سیاسی بە تایبەتی لە ئێران بەردەوامە و خاڵی سەرنجراکێشی ئەمکارەش بە کۆمەڵکردنیەتی. بە تایبەت لە چەند مانگی ڕابردوواو لە سەردەمی سەرۆکایەتیی (حەسەن روحانی)دا.

سەر لە بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٤ی ئازاری ٢٠١٥ شەش زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی (حامید ئەحمەدی، جەهانگیر دێهقانی و جەمشیدی برای، کەماڵ مەولایی، سەدیق محەممەدی و هادی حسێنی)یان لە سێدارەدا لە زیندانی شاری کەرەج. تەمەنی ئەو زیندانییانە لە نێوان ٢٨ تا ٣٣ ساڵ بووە و هەر هەموویان ئەهلی سوننە بوون.

لە لایەن حکومەتەوە بڕیاری سێدارەدان بۆ ئەو شەش زیندانییە و دەیان زیندانی دیکەی ئەهلی سوننە دەرچووە و ناوەناوە بڕیارەکان دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە و ناڕەزایەتی دەربڕینی ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیشدا تا ئێستا وای نەکردووە دەسەڵاتدارانی ئێران ئەو ڕەوتە ڕابگرن.

بە پێی ئامار و ئەژماری بڵاوکراوەی ڕەسمی، شەپۆلی ئیعدامکردنەکان لە ماوەی سەرۆکایەتیی حەسەن روحانی لە چاو جاران زۆر زیادی کردووە و ئەوەش وەك بەڵگەیەك بۆ میانەڕۆنەبوونی ناوبراو و کابینەکەی.

دوای لەسێدارەدانی ئەو شەش کوردە سوننەیە، زیندانییەکانیش بێ هەڵوێست نەبوون و درووشمی «مەرگ بو خامنەئی»یان بەرز کردەوە. مانگرتن لە خواردنیش زۆرێك لە زیندانەکانی گرتەوە کە تا ئێستا بەردەامە. زیندانیانی ئەهلی سوننەتی زیندانی گەوهەردەشتی شاری کەرەج بانگەوازیان دا بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و شەرمەزارکردنی حکومەت و نیشان بدەن کە گەلی کورد واز لە مافەکانی خۆی ناهێنێت. هاوکات زیندانیانی سیاسیی ئەو زیندانەش لە بەیاننامەیەکیتردا ئەم تاوانەیان بە توندی شەرمەزار کرد و ڕایانگەیاند کە پەلەکردن لە ئیعدامکردنەکان لە کاتێکدا ڕژێم پێویستی بە دڵنەواییکردنی ڕۆژئاوا هەیە لەمەڕ دۆسیێەی ئەتۆم، تەنها بۆ ئەوەیە بەرەنگاری ڕا پەڕینە جەماوەرییەکان بێتەوە و دەسەڵات لە ناوخۆیدا ناکۆك و شپرزەیە و دەیانەوێت خەڵك بترسێنن".

لە دەرەوەی زیندانەکانیش خزم و کەس و کاری زیندانیان و ئەوانەی ڕۆڵەکانیان لە سێدارە دراون زیاتر لە جاران هەوڵی ئەوە دەدەن دەنگی خۆیان و ڕۆڵەکانیان بگەیەنن بە گەلانی جیهان تا ئەو ڕەوتە ترسناکەی ڕۆژی نیە خۆی بە ماڵی خەڵکدا نەکات ڕابگیرێت.

حکومەت تەرمی ئەو شەش کەسەی ڕادەستی خانەوادەکانیان نەکردووە و لە شوێنێکیتر و بە بێ ئاگاداربوونی خانەوادەکانیان ناشتوونی. هەڕەشەی لە کەس و کاری ئەو شەش کەسەش کردووە کە نابێ کۆڕی ماتەمینی ساز بکەن. سەرباری ئەوە، بنەماڵەی ئەو شەهیدانە لە شاری سنەی کوردستان ئادرێسی ماڵی خۆیان ڕاگەیاندووە بۆ ئەوەی خەڵك بەشداری بکەن لە پرسە و سەرەخۆشی بکەن. لە بەرانبەردا حکومەتی ئێران هەڕەشەی ئەوەی لە خەڵك کردووە کە هەر کەس بەشداری بکات سزا دەدرێت..

له کاردانەوەیەکیتردا، مریەم ڕەجەوی وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرهەڵستکارانی ئێرانی لە سێدارەدانی ئەم شەش زیندانییە کوردەی بە توندی شەرمەزار کرد و بێدەنگبوونی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە ئاست ئەم تاوانەی بەوە لە قەڵەمدا کە بەشداریکردنە لە تاوانەکەی حکومەتی ئێراندا. ڕەجەوی سەرەخۆشیی لە خەڵکی کوردستان کرد و داواشی کرد دۆسییەی پێشێلکارییەکانی حکومەتی ئێران تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بەرز بکرێتەوە بۆ دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان.

لە ڕووداوێکیتری تایبەت بەو تاوانە، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کلیپێك بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا دواین ساتەکانی ئەو شەش زیندانییە نیشان دەدات لە کاتی ماڵئاواییکردنیان لە هاوبەندەکانیان لە ناو زیندان و داوا دەکەن تا گەیشتن بە ئازادی ئێران ڕێگای خەبات و تێکۆشان بەر نەدەن پێداگری ئامانجەکانیان بن..

لە کلیپێکیتردا، حامید ئەحمەدی لە پەیامێکدا بە دەنگی خۆی دەڵێت: ئەمڕۆ یەکێ لە هاوڕێیانم لە دەرەوەی زیندان تەلەفونی بۆ کردم پێی وتم: موجاهیدینی خەلق شێلگیرانە بەدواداچوون لەسەر کەیسی ئێوە دەکات و بەردەوام لە میدیاکانی خۆیاندا باسی ئێوە دەکەن، من پێم وت ئاگادار نیم بەڵام هەر کەس ئەم کارە بکات دەستی خۆش بێت و سوپاسی دەکەین.

کلیپێکیتر تایبەتە بە جەمشید دێهقانی کە دەڵێت: بازجو (ئەو کەسەی لێپێچنەوە لە زیندانی دەکات) داوای لێکردم چەند پەڕ کاغەز ئیمزا بکەم و وتی: ئەگەر دەتەوێت ڕزگار بێت ئیمزای بکە. چون کەس بەوە نازانێت تۆ لە ناو زیندانیت و ئەگینا دەتکوژین و هەر لێرە دەتنێژین و ...ساڵی ڕابردوو یەکەمجار ٧٣ ڕۆژ مانمانگرت لە خواردن کە لەبەرچی بڕیاری ئیعدامکردنتان بۆ دەرکردووین؟ لە ناو ئێران سوننە بوون خۆی تاوانە. کوردبوون خۆی تاوانە. هەر لەبەر ئەوانەیە بڕیاری ئیعدامیان بۆ دەرکردووین. ئەگینا ئێمە هیچ تاوانێکمان ئەنجام نەداوە. داوا لە هەموو میدیا و ڕێکخراوە جیهانییەکان و موسڵمانان دەکەم کە ڕێگە نەدەن ئیعدام بکرێین..

(حوری سەییدی) لە بەرپرسانی ڕێکخراوی موجاهیدین وێڕای ڕێزگرتن لەو شەهیدانە دەڵێت، چوار کەسیان لە ساڵی ٢٠٠٩ و دوو کەسیتریان لە ٢٠١٢ دەستگیر کران. حکومەت تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵیان کە گوایا ئەوان کەسێکیان کوشتووە لە کاتێکدا ئەوان لە زینداندا بوون کاتێ ئەو کەسە کوژراوە.. وتیشی: لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەو شەش زیندانییە خۆڕاگرە ویستوویانە دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و دوو جار مانیان لە خواردن گرت. جاری یەکەم ٧٣ ڕۆژ و جاری دووەم ٤٠ ڕۆژی خایاند. بەمجۆرە کێشەکەی خۆیان بە نێودەوڵەتی کرد.

هاوکات لەگەڵ لە سێدارەدانیان و لە نیگارکێشانێکی مناڵانەدا (مەهنا)ی تەمەن ٥ ساڵانی کچی حامید ئەحمەدی دیمەنی لە سێدارەدانی باوکی بە وێنە کرد کە بە خێرایی و بەربڵاوی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکی گرتەوە...



یەکێك لە هاوبەندییەکانی ئەو شەش زیندانییە لە نامەیەکیدا ئاوا باسی ڕۆژی ئیعدامکردنەکە دەکات: "حامید و سەدیق سەرقاڵی وەرزش بوون. لە ناکاو هێزی گارد هاتنە ژوورەوە و دەستیان کرد بە پشکنین و ئەو شەش کەسەیان لەگەڵ خۆیاندا برد.. کەس و کاری ئەو شەش زیندانییەش هاتبوونە بەر دەرکەی زیندان. (مەهنا)ی کچی حامید ئەحمەدیشیان لەگەڵدا بوو. هەر شەش زیندانیەکە لە قەفەس کرابوون و دەست و قاچیان زنجیر کرابوو. سەرمایەکی زۆر بوو. هیچ کام لە زیندانییەکان تا بەیانی خەویان بەچاودا نەهات. یەکێك نوێژی دەکرد و یەکێك دەگریا و یەکێك دڵنەوایی دەدایەوە و یەکێ دۆعای دەکرد.. دیمەنێکی زۆر دڵتەزێن بوو. ئەو هەواڵەم پێ گەیشت کە هەر شەش کەسەکە لە سێدارە دراون. بەداخەوە هەواڵەکەم گواستەوە بۆ زیندانییەکانیتر... شیوەن و گریان دەستی پێکرد و یادەوەرییەکانی چەندین ساڵەی ئەو شەش زیندانییە بە بەرچاومدا هات و چۆیان بوو..".

کەس و کاری ئەو شەش زیندانیەش لە نامەیەکی هاوبەشدا ڕووداوەکە ئا بەمجۆرە دەگێڕنەوە:

"ڕۆژی ٣ی ئازار کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی بوو. یەکێك تەلەفونی کرد و وتی لە زیندانی (ڕەجایی شەهری شاری کەرەج)ەوە پەیوەندی دەکەم. تا کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ خۆتان بگەیەننە کەرەج تا بۆ دواین جار چاوتان بە ڕۆڵەکانتان بکەوێت. چون ڕۆژی دواتر کاتژمێر ٤ی سەر لە بەیانی لە سێدارە دەدرێن.. زۆر بە خێرایی ٦٠٠ کیلۆمەتر ڕێگامان بڕی. سەرما بوو. ترس و ئۆمێد دایگرتبووین. هیوادار بووین هەواڵەکە درۆ بووبێت. چون سێ جاریتریش ڕۆڵەکانمانیان بردبوو بۆ شوێنی ئیعدامکردن بەڵام دوایان خستبوو. دەست و قاچی زیندانییەکان بە زنجیر بەسترابوو.. برینداریش کرابوون.. پیاوانی حکومەت ڕێگەیان نەدا مەهنا بچێتە پێشەوە. چاوی بڕیبووە چاوی باوکی..حامیدیش لە ناو قەفەسەوە چاوی بڕیبووە مەهنا و دایك و باوك و هاوسەری. حامید وورەی بەرز بوو. پیاوانی حکومەت ئەو دیمەنەیان پێ قبووڵ نەکرا و دەستیان کرد بە سووکایەتی پێکردن و ئێمەیان بەرەو دەرەوەی زیندان برد.. "

**له نامەکەدا هەروەها نووسراوە: "خانەوادەی جەمشید و جەهانگیری دێهقانیش هاتبوون. ئەوان دوو برای گەنج بوون و تەنها ئۆمێدی خانەوادەیان بوون.. هەر دوو لا توانای قسەکردنیان نەبوو.. داوایان لە دایك و باوك و خوشکیان دەکرد بەرانبەر بە بکوژران خۆیان لاواز نیشان نەدەن و ورەیان بەرز بێت کە سەرکەوتن نزیکە.. خانەوادەی کەماڵ مەولاییش لەوێ بوون. کەماڵ لە سەردەمی منداڵیدا باوکی خۆی لە دەست دابوو. دایکی بە هۆی پیری و نەخۆشی نەیتوانیبوو بێت. تەنها براکەی هاتبوو.. کەماڵ داوای لە براکەی کرد کە چاوەکانی دایکم ماچ بکە.. خانەوادەی سەید هادی حسێنیشمان لەگەڵدا بوو. (جەواد)ی کوڕی روو لە دایکی وتی بۆچی باوکم بریندار کراوە؟! دایکی پیری هادی وتی، لەگەڵ نەخۆشییەکەت چۆنی؟ هادی وتی تا چەند کاتژمێریتر چاکتریش دەبم!.. کوڕە دلێرەکەم لەمەودا تۆ پیاوی ماڵیت و ئاگات لە دایکت بێ.. بزانە کە باوکت بۆ هەق گیانی خۆی فیدا کرد و .. دایکی سەدیق تا چاوی بە کوڕەکەی کەوت کە لە ناو قەفەس کراوە دەستی کرد بە گریان. سەدیق روو لە دایکی وتی، دایە گیان مەگری. بکوژان بەو دیمەنە شاد دەبن و سەبرت هەبێ و کوڕەکەت لە رێگای هەقدا ئیعدام دەکرێ.."**

**لە کۆتایی نامەکەدا هاتووە: "تا کاتژمێر ٥ی بەیانی شیوە و ڕۆڕۆ بوو. کاتژمێر پێنج و نیو بە گەیشتنی پێنج ئۆتۆمبێلی پۆلیس و کرانەوەی دەرکەی زیندان و دەرچوونی ئامبوڵانسەکان هەموو شتەکان کۆتایی هات.. بەڵام هێشتا ئەزیەت و ئازار تەواو نەبوون. تازە دەستی پێکرد و تا دوانیوەڕۆ سوکایەتییان پێ دەکردین و تەرمەکانیان رادەست نەکردینەوە.. هیوادارین ئازادیخوازانی جیهان بزانن کە ئەم رژێمە دیکتاتۆر و ستەمکارە چی بەسەر ئێمە و رۆڵەکانمان دەهێنێت.. روو لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە جیهانییەکانی مافی رۆڤ و وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا دەڵێین ئایا تەنها شەرمەزارکردنی حکومەت دوای ئیعدامکردنەکانتان لە ئەستۆیە؟ ئایا تەنها دەبێ لە دواساتەکاندا داوای راگرتنی ئیعدامکردنەکان بکەن؟ ئایا ئەو بێدەنگییە رووخانی شەرەف و مرۆڤایەتی نیە؟! ئایا نازانن کە ئێستا زیاتر لە سی زیندانیتری ئەهلی سوننەت بەرەوڕووی ئیعدامکردن بوونەتەوە؟ ئایا بە سەدان کەسیتر لە چاوەڕوانی ئیعدامکردندا نین؟ تا بە کەی دەبێ ئەم دیمەنانە دووبارە ببنەوە؟!.. ".**

**دوای لە سێدارەدانیان کلیپ بە دوای کلیپ کەوتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت.. یەکێکیان تایبەت بوو بە وتەکانی باوکی حامید ئەحمەدی. ئەو دەڵێت: ئەوانەی سەرقاڵی دانوستانی ئەتۆمن و خەریکی نەخشەکێشانن بۆ خەڵکی ئێران هەر هەموویان درۆ دەکەن. خوێنی حامید هەمووی کوردستانی گرتۆتەوە. هەموو جیهانی گرتەوە. ئێمە خەڵکێکی کەم نیین. لە کوردستانەوە تا تەورێز و ئیسفەهان و هەموو شارەکانی ئێران... هەموویان خانەوادەی ئێمەن. نامەکەی مەهنا بڵاو بکەنەوە. حامید ١٧ مانگ لە ژووری تاکە کەسیدا بووە تا بە درۆ ئیعترافی لێوەرگرن هەڕەشەی دەستدرێژکردن بۆ سەر ناموسیان لێکردووە. شۆکی کارەبایی و ..ئەوانە رێگەیان نەدا چاومان بە تەرمەکان بکەوێت. ئەو پەرلەمانتارانەش رواڵەتین. هیچیان بۆ نەکردین. تەرمەکانیان برد و پێیان نەوتین کە چییان لێکردوون. هەر کەس جەللاد بێت دوژمنی ئێمەیە. ئەوانە جەللادن. رێکخراوی مافی مرۆڤ و ئەوانە هەر هەموویان پارەی نەوت وەردەگرن و دەنگ هەڵنابڕین.. ئەوانەی دانوستانی ئەتۆم دەکەن هەر هەموویان درۆ دەکەن. هاوکاریی یەکتر دەکەن و نەخشە بۆ خەڵك دەکێشن. تەنها ئەوانە درۆ ناکەن کە پشتیوانی خەڵکن. تۆ کوڕەکەی منتان لە سێدارە دا لەبەرچی تەرمەکەی نادەنەوە پێمان؟ ئایا لە تەرمەکەیشی دەترسن؟ ئەگەر وادەزانی هیچ روو نادات لەبەرچی ئیلتیزام لە من وەردەگریت. بەڵێن لە من وەردەگریت؟ لەبەرچی رێگە نادەن تەرمەکە ببینین. چون سوننەیە؟ چون کوردە؟ ئەم مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکانە نەهاتن ئەم تاوانە شەرمەزار بکەن. ئەگەر شەرمەزاریان بکردبا وایان نەدەکرد. ئەم حکومەتە ٣٥ ساڵە خەڵك دەکوژێت. روحانی کە هاتووە ١٧٠٠ کەس تا ئێستا ئیعدام کراون..**

**ئەو شەش زیندانییە لە کاتێکدا لە سێدارە دەدرێت کە لە ماوەی ساڵانی رابردوو زۆر جار رێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ و هەروەها رێکخراوە بەرهەڵستکارییە ئێرانییەکان ناڕەزایەتیی خۆیان نیشان داوە بەرانبەر بە دەرچوونی بڕیاری ئیعدامکردنیان و داوایان کردووە ئازاد بکرێن. وەك نموونە رپۆرتەری تایبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی دووشەممەی رابردوو هەموو لایەکی ئاگادار کردەوە کە ئەو زیندانییانە ئازار دراون و بێبەش کراون لە هەبوونی پارێزەر و مافەکانیان. لە رۆژی ٢٦ی حوزێرانی ساڵی رابردووش ناڤی پیلای، کۆمیسێری باڵای مافەکانی مرۆڤ نیگەرانی خۆی دەربڕیبوو لە ئاست ئیعدامکردنی ئەو زیندانییانە و بڕیاری ئیعدامکردنیان بە پێچەوانەی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی دادگاییکردنە. سەرەتای ئەم مانگەش رێکخراوی ئەمنیستی ئینتەرناشنال لە بەیاننامەیەکدا داوای کردبوو بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو شەش کەسە دەبێ هەڵوەشێتەوە.**

**لە کۆبوونەوەی ئۆپوزیسیۆنی ئێران بە بۆنەی ساڵیادی رۆژی جیهانیی ژنان (٨ی ئازار) کە لە شاری بێرلین و بە ئامادەبوونی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران، خاتوو مریەم رەجەوی و سەدان کەسایەتیی دیاری ژنانی جیهان بەڕێوە چوو، مریەم رەجەوی لە بەردەم وێنەی ئەو شەهیدیانە رێزی لێگرتن و تاجە گوڵینەیەکی پێشکەش بە شەهیدانی کورد کرد.**

**م.ز**

---

**تێبینی:**

- **بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە هەواڵە بۆ هەمووان «ئازاد»ە**